

# بەڕێوبەری رادیۆ نەوا

## لە ڕێگەی رادیۆ نەواوە زۆرترین ڕەخنە لە یەکێتی گیراوە و لەسەر ئەمەش گلەییمان لێ کراوە

دیداری
سالار مەحمود

**● ماوەیەکە دەنگۆی ئەوە دەبیسترێت کە ڕادیۆی نەوا تووشی قەیرانێکی دارایی هاتووە و بەو هۆیەشەوە لە هەوڵی کەمکردنەوەی ژمارەی کارمەندان و موچەی کارمەندانیدایە، نەوا ئەو ڕادیۆیەی کە لە ماوەیەکی کەمدا دەنگدانەوەیەکی گەورەی دروستکرد، ڕەنگە زۆر پرسیاری لەلای گوێگرانی دروست کردبێت، لەم دیدارەی (لڤین)دا بەڕێوەبەری ڕادیۆی نەوا (کوردە حەسەن) وەڵامی بەشێکی زۆر لەو پرسیارانە دەداتەوە.**

**لڤین: فکرەی رادێوی نەوا هی کێیە وچۆن پرۆژەکە هاتە بوون ؟**

کوردە حەسەن: ئێمە لە سەرەتاوە دوای پرۆسەی ئازادی عێراق رادێوی دەنگی عێراقی نوێمان هەبوو لە کەرکوك کە هێزەکانی هاوپەیمانان ودەزگا مەدەنیەکان هاوکارییان دەکردین وبیناکەشی هی حکومەت بوو ،ئەو رادێویە بویە دەروازەیەك ولێیەوە زۆر دەزگای ئەمریکی وئەورووپی وبەریتانیمان ناسی ولەگەڵ چەند برادەرێکدا بیرمان لەوە کردەوە کەوا رادیۆکە فراوان بکەین ولە هەموو کوردستان وەربگیرێت وپرۆژەکەشمان خستەبەردەم دەزگا ئەورووپی وئەمریکیەکان بۆ دابین کردنی بودجەکەی .

**لڤین: واتە سەرچاوەی دارایی رادیۆی نەوا لەیەك شوێنەوە نایەت ؟**

کوردە حەسەن: نەخێر سەرچاوەکەی تەنها لایەك نییەوچەند رێکخراوێکی مەدەنی هاوکاریمان دەکەن .

**لڤین: رادێوی نەوا بەخێرایی دەنگی دایەوە وگوێگرێکی زۆری لە خۆی کۆکردەوە ،ئەمە چەندە پەیوەندی بەسەربەخۆی رادێوکە وچەندیشی هۆکاری لێهاتووی و توانای کارمەندانی رادێوکەیە ؟**

کوردە حەسەن: بەتەئکید بەشێکی هۆکاری سەربەخۆی رادیۆکەیە وبەشێکی زۆری هۆکارەکەیشی تواناولێهاتووی کارمەندانەوزۆربەی کارمەندان پرۆفیشناڵن وکادری ئیعلامی زۆرباشن .

**لڤین: ئێوە لەسەرچی بنەمایەك کارمەند بۆبەشەکان وەردەگرن ؟**

کوردە حەسەن: دەبێت ئەو کەسە توانایەکی باشی هەبێت لەکاری راگەیاندندا یاخود ئەزموونی چەندساڵێکیشی هەبێت لە بوارەکەداولە هیچ رادیوو تیڤیەکی دیکەوە دەرنەکەوێت.

**لڤین :دڵشاد مستەفا لە هەردوو تەلەفزیۆنیگەلی کوردستان ورادێوی گەلی کوردستان کارمەندەو بەرنامەی هەیە ؟**

کوردە حەسەن: دڵشاد مستەفا کارمەندی رەسمی رادیۆ نییە ،بەڵکو پەیامنێرە وبە شێوەی موکافەئە کار بۆ رادێوی نەوا دەکات .

**لڤين :ژمارەيەكى زۆر بۆ كاركردن لەرادێوى نەوا فۆرميان پڕكردەوە ئەوانە چيان بەسەر هات وهەتا ئێستاش هەر چاوەڕێن ؟**

كوردە حەسەن: ئێمە خەڵك لەسەربنەماى پسپۆڕى وەردەگرين ودەبێت تواناى باشى هەبێت لە بوارەكەدا .

**لڤين: خۆ ئەوانتان نەدى و چاوپێكەوتنيشتان لە گەڵدا نەكردن چۆن زانيتان بەكارى ئێوە نايەن؟**

كوردە حەسەن: رەنگە ئەو بەشەى كەئاگاداريمان بۆكردووە پڕبووبێتەوە وكەسى ديكەى پێويست نەبووبێت .

**لڤين: قسەيەك هەيە دەگوترێت رادێوى نەوا لايەنگرى حكومەتى سلێمانى و يەكێتى دەكات وچالاكييەكانى حكومەت لێرە زياتر باس دەكات و بە پێچەوانەشەوە لەسەر كەموكوڕيەكانى هەولێر وپارتى قسەدەكات ؟**

كوردە حەسەن: نەخێر ئەوە پڕوپاگەندەيەكى بێ بناغەيە وئێمە بەهيچ شێوەيەك لايەنگرى هيچ كەسێكمان نەكردووە ،بەڵام هێندە هەيە حكومەتى سلێمانى وهەموو دامو دەزگاكان لێرە كراوەترن بە رووماندا و وەڵاممان دەدەنەوەوكار ئاسانى بۆ پەيامنێرەكانمان دەكەن ولە هەولێريش وەڵامى پەيامنێرانمان نادرێتەوە وبۆ هيچ شتێك بانگهێشت ناكرێن ورێگەيان پێ نادرێت كە هەواڵوچالاكييەكان بەئاسانى تەغتيە بكەن (خۆ ئامادەكردنى هەواڵيش بەقاوەگرتنەوە نابێت ) ، لەگەڵ ئەوەشدا لە هەولێر سێ پەيامنێرمان هەيە ،لەلايەكى ديكەشەوە پەيامنێرى سلێمانيمان (دڵشاد مستەفا ) دەمێكە سەرگەرمى كارى راگەياندنە ولەدامودەزگاكانيشدا خەڵكێكى زۆر دەناسێتوزۆرجاريش خۆيان تەلەفونى بۆ دەكەن وئاگادارى دەكەنەوە ،بۆيە دەڵێم ئێمە لايەنگرى هيچ كەسێك ولايەكمان نەكردووە وئەو قسانەش بۆ ئەوە دەكرێت كەلە قورسايى رادێوى نەوا كەم بكرێتەوە .

**لڤين: بونى بارەگارى سەرەكى رادێوى نەوا لەسلێمانى واينەكردووە زياتر ستايشى حكومەتى سلێمان و يەكێتى بكاتوبۆ پارتىوحكومەتەكەى هەولێريش بەبارێكى ديكەدا ؟**

كوردە حەسەن: ئێمە رادێويەكى حيزبى نين هەتا ستايشى حيزب بكەين ،ئەوە راديوى حيزبيەكانە كە هەڵدەدەن بەشانوباڵى مەكتەبى سياسىوسەركردايەتى داوگەورەيان دەكەن ،كارى رادێۆى نەوا خستنە رووى راستيەكانە لە هەر لايەكەوە بێت ،وە لە رێگەى رادێوى نەواوە زۆرترين رەخنە لە حكومەتى سلێمانى و يەكێتى گيراوە ولەسەر ئەمەش گلەيمان لێكراوە .هەوڵمان داوە هەموو كەس بدوێنين وگشت لايەك قسە بكەن ،يەكيەتى هاتووە ،ئيسلامى هاتووە ، بەڵام وەكو ووتم پارتى كەمتر وەڵاممان دەدەنەوەو ئامادە دەبن ،ماوەيەكى زۆرە هەوڵ دەدەين كە كاك نێچير بۆ بەرنامەيەك دەعوەت بكەين بەڵام تا ئێستا وەڵاميان نەداوەتەوە وئامادەنەبووە .رادێوى نەوا چەندە هى كاك نێچيرە ئەوەندەش هى كاك بەرهەمە وەكو باس دەكرێت .رەنگە برادەرانى بەرپرسانى سلێمانى زەرەريشيان لێدابين كەسەردانيان كردوين وچايەك يان قاوەيە كيان خواردبێتەوە .

**لڤين: لە رادێوى نەوا سانسۆر لەسەر لێدوانوقسەى هيچ كەسێك دانانرێت ؟**

كوردە حەسەن: هەموو كەس دەتوانێت بە ئازادى قسە بكات ورێگەشى پێ دەدرێت ،بەڵام بە مەرجێك بەبەڵگەوەو بەشێوازى ياسايى قسە بكات ودوور لە قەزفوتەشهير وناوزڕاندن بدوێت ،وە بەرنامەكانيشمان سەلماندويانە كە سانسۆر هەبێت يان نا.

**لڤين: بەرێزتان لە لێدوانێكدا بۆ رۆژنامەى ( لۆس ئە نجلۆس تايمز )ئەوەتان ووتوە گەر ئەمريكا نەبوايە ئەوا رادێوكەمان پێ دادەخرا ،دەكرێت پێمان بڵێيت ئەو فشارە لەلايەن كێ وە خرايە سەرتان بۆ داخستنى رادێوى نەوا ؟**

كوردە حەسەن: ئەو رۆژنامەنووسە بە هەڵە لێدوانەكەى منى بلاّو كردەوە ،هەرچەندە وەرگێڕەكەى قسەكانى منى بۆ تەرجەمە كردوخۆشم هەندێك ئينگليزى دەزانم وبە ئينگليزى قسەم بۆ كرد ،نەخێر من نەم ووتووە گەر ئەمريكا نەبوايە رادێوكەمان پێدا دەخرا بەڵكو دەڵێم :بوونى ئەمريكا پاڵپشتێكى گەورەيە لە ناوچەكە بۆ راگەياندنى ئازادو سەربەخۆ بۆ رۆژنامەيەكى وەكو هاولاّتىوهەردەزگايەكى ديكەى ئازادو سەربەخۆ .

**لڤين: باس لەكەم كردنەوەى كارمەندان وكەم كردنەوەى موچەش دەكرێت لە رادێوى نەوا _هۆكار چىيە ؟**

كوردە حەسەن: سەرچاوەى دارايى ئێمە هى حيزبێكى دياريكراو نييە ولە شوێنێكى ديارى كراويشە وە نايەت لە چەند رێكخراوێكى مەدەنى جياوازەوە هاوكارى دارايى دەكرێين وهەر بۆيە لەگەڵ كەمكردنەوەى هاوكاريەكانى ئەواندا ئێمەش ناچارين موچە كەم بكەينەوە، ئەگەريش موچەش كەم بكەينەوە هێشتا موچەى كارمەندانىئێمەلە هەموو راديۆوتەلەفزێونوكەناڵە ئاسمانيەكانيش زياتر ە .

**لڤين: ئەى هۆكارى داخستنى دەزگاى چاپ وبلاّوكردنەوەى نەوا چىبوو ؟**

كوردە حەسەن: راستيەكەى ئەوە دوو هۆكارى سەرەكى هەبوو ،يەكەميان گرفتى دارايى بوو ، دووەميشيان ئەوە بوو كە بەر استى دەزگاى چاپوبلاّوكردنەوەى نەوا نەيتوانى كێبەركێى دەزگاى چاپوبلاّوكردنەوەى حكومى وحيزبيەكان بكات لەگەڵ ئەوشدا كۆمەڵێك كارى جوان وباشى كرد بەتايبەتى لە رووى ديزاينەوە .

